# جیاوازی فاکتەرەکان وکاریگەری لە سەر گۆڕانکارییە سیاسیەکانی تورکیا ١٩٤٦ -١٩٦٠

## توێژینەوەیەکی مێژوییە

**هیوا حەمید شەریف** [١]

[١] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر گۆڕانکارییە سیاسیەکان لە پەراوێزی ڕۆڵ و کاریگەری هەردو هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریشە لە نێوان مۆرکی ئەم دو هۆکارە لە سەر گۆڕانکارییە سیاسیەکان و ڕاست و دروستی ئەنجامەکان. ڕوداو و پێشهاتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی تورکیا و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم قۆناغەدا سەریهەڵدا، زەمینەیەکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی هاوکێشەی کاریگەری هۆکارەکان و شیکردنەوەی ئەنجامی گۆڕانکارییەکان لە ژێر ڕۆشنایی هێزی هۆکارەکان. لە ڕاستیدا گۆڕانکارییە سیاسیەکانی ئەم قۆناغە مێژوییەی تورکیا ئەوەندەی کەوتە ژێر کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکان کەمتر هەڵقوڵاوی هۆکارە ناوخۆییەکان بوو، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی بوو لە دروست نەبونی سیستەمێکی ڕێکوپێک ودیموکراسی، کە تێیدا پارتە سیاسیەکان بە عەقڵیەتێکی کراوە سیاسەت بکەن و قۆناغی لۆژیکی هێز و پەراوێز خستن و داننەنان بە ئەوانی دیکە تێپەڕێنن، هەر لەم گۆشەنیگایەوەیە نیوەی دووەمی دەیەی چوارەم و دەیەی پێنجەمی سەدەی ڕابردو سیستەمی سیاسی لە تورکیا تەنیا بە ڕوکەش سیستەمێکی دیموکراتی بوو، کەچی لە ناوەڕۆک و واقیعدا نە عەقڵی سیاسی کاربەدەستان گەیشتبووە ئەو ئاستەی باوەڕی تەواویان بە بنەماکانی دیموکراتی بێت، نە هەڵسوکەوتی پارتە سیاسیەکان لەو ئاستەدا بوو ڕکابەری سیاسیانەی بەرامبەرەکەی بە گیانێکی دیموکراتیانە وەرگرێت و هەوڵی پاکتاو کردنی یەکتری نەدەن، هەموو ئەمانەش دۆخێکی ئەوەندە ئاڵۆزی سیاسی هێنا بووە کایەوە کە کاریگەری خستبووە سەر تەواوی ژیانی خەڵک لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری.

**وشە سەرەکییەکان:** تورکیا، دیموکراسی، فاکتەر، فرە پارتیی، گۆڕانکاری

## ١. پێشەکی

### ١.١ بایەخی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و کاریگەری هەردو هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی لە دروستکردنی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و پاشان دیاریکردنی هۆکاری بەهێزتر و کاریگەرتر لە ئاڕاستەکردنی ڕوداوەکان، ئەمەش لە ڕێگای شیتەڵکردنێکی بەراوردکارییانە لە نێوان هەردو هۆکارەکە و ئەنجامی گۆڕانکارییەکانەوەیە. تورکیا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی یەکێک بوو لەم وڵاتانەی زۆر بە خێرایی گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانی و بارودۆخی سیاسیدا ڕویدا، لە تاک پارتیەوە بۆ فرە پارتی پەڕییەوە، بڕیار لە هەڵبژاردن درا، کرانەوە بە ڕوی هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامدرا، بەڵام هەموو ئەوانە نەیانتوانی سیستەمێکی ڕێکوپێکی حوکمڕانی بێنێتە کایەوە، لەمەشدا جۆری هۆکارەکان کاریگەری هەبوو.

### ٢.١ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و ئامادەکردنی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا ئێستا لەم گۆشەنیگایەوە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم قۆناغە لە مێژوی تورکیادا نەکراوە، ئەوەی کراوە زیاتر جەختکردن لە سەر خستنەڕوی ڕوداو و پێشهاتەکان بووە.

### ٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی هۆکاری بەهێز و کاریگەرە لە دروستکردنی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، بە تایبەت لە تورکیای دوای جەنگی جیهانی دووەم.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٦ حوزەیران ٢٠٢١؛ پەسەندکردن: ٢٠ ئەیلوول ٢٠٢١
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: hewa.hameed@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ هیوا حەمید شەریف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی-
CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp22-28

**٤.١ میتۆدی توێژینەوەکە:**

هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە سود وەرگرتن بووە لە رێباز و توێژینەوەی مێژوویی، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی رەسەن و بەڵگەی دروست و پەیوەست بە رووداو و زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو زانیارییە کۆکراوانە و بەراورد کردن و بڕیار لە سەردانیان.

**٥.١ پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دەروازە و دو تەوەرە پێکدێت، دەروازەکە، بۆ کاریگەری جۆری هۆکار، لە سەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان و پێشهاتە سیاسیەکانی تورکیا لە نێوان هەردو جەنگی جیهانی تەرخانکراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم و کاریگەری لە سەر بارودۆخی سیاسی تورکیا کراوە. تەوەرەی دووەمیش بە ناونیشانی: قۆناغی فەرمانڕەوایی (پارتی دیموکرات) و ئاڵەنگارییە دیموکراسیەکانە.

**٦.١ گرنگترین سەرچاوەکان:**

لە نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا، سود لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆروەرگیراوە، کە بەشێکیان بە زمانی کوردی و بەشەکەی دیکەش بە زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزین، هەندێک لە سەرچاوەکان زانیارییەکانیان دەگمەن بون و سودی زۆریان بۆ توێژینەوەکە لێ وەرگیراوە، بە تایبەتی کتێبەکەی (د.خضير البديري) بە ناونیشانی (التاريخ المعاصر لايران و تركيا)، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە سودێکی زۆری بۆ ئەم تەوەرەیە لێوەرگیراوە کە تایبەتە بە ڕوداوەکانی تورکیای دوای جەنگی جیهانی دووەم. یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەی سودێکی زۆری لە روی زانیارییەوە بەم توێژینەوە گەیاندووە بەشی تورکیای کتێبەکەی هەر دو نوسەر (ئیبراهیم خلیل ئەحمەد و خەلیل عەلی موراد)ە، کە ئەوەی دووەمیان ئەم بەشەی نوسیوە و زۆر بە وردی ڕوداوەکانی ئەم قۆناغەی باس کردووە. یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەی سودێکی زۆریان بۆ توێژینەوەکە لێوەرگیراوە کتێبەکەی (م.ئە. حەسرەتیان)ە بە ناوی: یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە زانیاری زۆر گرنگ و وردی لە سەر ڕوداوەکانی قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم تێدایە بە تایبەتی لە سەر سیاسەتی حکومەتی تورکیا بەرانبەر بە کورد، کە هەندێکیان زۆر دەگمەنن و لە هیچ سەرچاوەی تر ئاماژەیان پێ نەکراوە.

**٧.١ دەروازە: کاریگەری جۆری هۆکار لە سەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان و پێشهاتە سیاسییەکانی تورکیا لە نێوان هەردو جەنگی جیهانی.**

سەرهەڵدانی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ناو هەر کۆمەڵگایەک یاخود لە چوارچێوەی هەر دەوڵەتێک، زادەی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازن، کە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆیان لە هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکان دەبیننەوە. هەرچۆنێک بێت بەشێک لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان ئەنجامی ئەرێنی دەبێت و سیستەمی حوکمڕانی بە شێوەیەکی دروست ئاراستە دەکات، بە جۆرێک گەشەسەندنی قۆناغ بە قۆناغی جومگەکانی حوکمڕانی و بوارەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. کەچی بەشێکی دیکەی ئەم گۆڕانکارییە سیاسییانە ئەنجامەکانیان نەرێنییە و کۆمەڵگا بەرەو پەرتەوازەیی زیاتر دەبات و بۆشایی سیاسی و کارگێڕی و یاسایی فراوانی لێدەکەوێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم جیاوازییە گەورەیە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی هۆکارەکانەوە هەیە، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت؛ هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی، چەندە مۆرکی هۆکاری دەرەکی، بە سەر نەخشی پێشهات و ڕوداوەکاندا، قوڵتر بێت لە هۆکارە ناوخۆییەکان، یاخود بە مانایەکی دیکە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی هۆکارەکانی لە هەناوی کۆمەڵگاوە هەڵنەقوڵابێت، ئەوە دەرفەتی هێنانە کایەی سیستەمێکی حوکمڕانی ڕێکوپێکی کەمترە و ئەنجامی ئەرێنی لێناکەوێتەوە.

هاوکات پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، لە چوارچێوەی هۆکارە ناوخۆییەکانیشدا جیاوازی لە نێوان جۆری هۆکارەکاندا هەیە ، کە ئەمەش کاریگەری دیاری بە سەر ئەنجامەکاندا دەبێت، لێرەدا مەبەستمانە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، چەندە گۆڕانکارییە سیاسیەکان پەیوەست بێت بە ویست و هۆشیاری زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگاوە و بەشی زۆری خەڵک تێدا بەشدار بێت چاوەڕوانی ئەنجامی ئەرێنی زیاتری لێدەکرێت، لە بەرانبەردا، هەر چەندە لە ڕێگای هەوڵی تاکە کەسی یاخود گروپی سیاسیەوە بێت و پێیان وابێت گۆڕانکارییە سیاسیەکان بە دەرکردنی یاسا و بڕیاری سیاسی ئەنجام دەدرێت، کەمتر دەرفەتی سەرکەوتنی دەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا تورکیا بە یەکێک لەو وڵاتانە ئەژمار دەکرێت کە بۆ پراکتیزەکردنی ئەم بۆچونە شیتەڵکارییەی ئاماژەی بۆ کرا گونجاوە، چونکە هەر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە گۆڕانکاری سیاسی گەورە لەم وڵاتەدا ڕویداوە، لە ڕاستیدا شکستی دەوڵەتی عوسمانی لەم جەنگەدا چەندان گۆڕانکاری سیاسی بە دوای خۆیدا هێنا کە دیارترینیان سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کەمالی بوو (بهنان، ١٩٨٩، ٤٥). هەر ئەم بزوتنەوەیەش دوای چەند ساڵێک لە شەڕ و ململانێی لەگەڵ هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، دوا جار لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ لە ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری لە تورکیادا سەرکەوتوبوو (احمد- مراد، ١٩٩٢، ٢٤٣).

شایانی ئاماژە بۆ کردنە یەکێک لە دیارترین گۆڕانکارییە سیاسیەکانی قۆناغی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە تورکیادا کە لەلایەن کەمالیەکانەوە ئەنجامدرا چەسپاندنی بنەماکانی سیستەمی عەلمانیەت بوو، ئەم گۆڕانکارییە جگە لەوەی لە ژێر کاریگەری دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەوروپا هەنگاوی بۆ نرا، خاوەنی بیرۆکەکەش سەرەتا تاکە کەسێک و پاشان گروپێکی سیاسی بوو (النعيمي، ١٩٩٠، ٢٤٣). هەرچەندە ئەم پرۆسەیە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی تا دوا جار بە گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە دەوڵەتێکی ئایینیەوە بۆ دەوڵەتێکی عەلمانی کۆتایهات، بەڵام ئەم پێشهاتە لەبەرئەوەی لە بنچینەوە – وەک ئاماژەی پێکرا- هۆکاری دەرەکی ڕۆڵی کاریگەری تێدا بینی و تێگەیشتن و هۆشیاری کۆمەڵگای تورکیا لەم ئاستەدا نەبوو ئامادەیی بۆ ئەو پرۆسەیە هەبێت، هەر بۆیە گۆڕانکارییەکە ئەوەندەی ڕواڵەتی و چاولێکەری بوو، ئەوەندە ڕاستەقینە نەبوو و نەیتوانی جێگای خۆی بگرێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پرسی عەلمانیەت پرسی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە، کۆمەڵگایەک بەرەو پێشچون و ڕێکخستنی ئاسۆیی و ڕێکی هەبێت، کەچی تورکیا لەم قۆناغەدا لە روی کلتورییەوە وڵاتێکی دواکەوتو بوو، لەم سۆنگەوە گواستنەوەی ئەزمونی وڵاتانی ئەوروپی وەکو خۆی بۆ کۆمەڵگایەکی دواکەوتوی وەک تورکیادا هەڵەیەکی گەورە بوو، هەر ئەمەش وایکرد (مستەفا کەمال) ئەزمونی عەلمانیەت بە شێوازێکی توند و ڕادیکالانە بە سەر کۆمەڵگای تورکیا بسەپێنێت و سەرجەم ڕەهەندەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەبەر چاو نەگرێت، بە تایبەتی هەردو ڕەهەندی نەتەوەیی و ئاینی، لەبەرئەوە عەلمانیەتی تورکیا بە تاک ڕەهەندی مایەوە و لەم ساڵانەی دوایش شکستی ئەم گۆڕانکارییە کە هۆکاری دەرەکی ڕۆڵی گەورەی لە چەسپاندنی بینی زۆر بە ڕونی بە دیار کەوت (ئەرکۆن، ٢٠٠٢، ٤٩- ٥٢).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp22-28

بەمشێوەیە دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری لە تورکیادا تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم هیچ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە تێیدا ڕوینەدا و هەر وەکو خۆی مایەوە.

## ٢. تەوەرەی یەکەم: گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم و کاریگەری لە سەر بارودۆخی سیاسی تورکیا ١٩٤٦- ١٩٥٠:

کۆتایی هاتن بە جەنگی جیهانی دووەم گۆڕانکاری گەورەی سیاسی لە سەر ئاستی جیهان بە دوای خۆیدا هێنا، ئەم گۆڕانکاریانەش ڕەنگدانەوەی دیارییان لە سەر ڕەوشی سیاسی تورکیادا هەبوو، بە تایبەتی بە سەر سیستەمە سیاسی و فەرمانڕەواییەکەی، بۆ نمونە لە بەریەک هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی تاک پارتی لە هەر یەک لە ئەڵمانیا و ئیتالیا، تورکیای ناچار کرد ئەم شێوازە لە حوکمڕانی بە ڕواڵەت تێپەڕێنێت، لە ڕوی ئابوری و سیاسییەوەش بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە تا ڕادەیەکی زۆر بە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەسترایەوە، بە تایبەتی کە بۆ بنیادنانەوەی ئابوریەکەی پێویستیەکی زۆری بە هاوکارییەکانی ئەمریکا هەبوو، لەلایەکی دیکەوە پەسندکردنی پرنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناچاریکرد هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی بنەما دیموکراتیەکان بنێت (البديري، ٢٠١٥، ٢٩١).

هەموو ئەوانەی ئاماژەیان بۆ کرا کاریگەری ڕاستەوخۆیان کردە سەر ڕەوشی سیاسی تورکیا و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەی ناچار کرد چەند گۆڕانکارییەک لە سیستەمی حوکمڕانی ئەنجام بدەن (الجمهاني، ٢٠٠٠، ٣٦)، بۆ نمونە: لە حوزەیرانی ١٩٤٥ دا بڕیار درا هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەمەش ڕێگا بە دامەزراندنی پارتی سیاسی و سەندیکا پیشەییەکان درا، تا بە شێوەیەکی ئاشکرا کاری سیاسی و پیشەیی خۆیان ئەنجام بدەن، هاوکات ڕێگا درا ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤاری ئازاد دەربچێت ( الباحثين، ٢٠٠٧، ٣٠١- ٣٠٢).

شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئەم ڕێککارانە کە لە بنچینەدا ئەوەندەی لە ژێر کاریگەری فشارە دەرەکییەکاندا بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخەی بە هۆی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بە سەریاندا سەپا بوو بڕیاری لێدرا، کەمتر ویستی ڕاستەقینەی لێپرسراوانی پارتی گەلی کۆماری بوو بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی بە ئاڕاستەی سیستەمی دیموکراتی، کە تا ئەو کاتە بابەتی فرەپارتایەتی وەک جۆرێک لە ئۆپۆزوسیۆنی کۆنترۆڵکراو سەیر دەکرد، هاوشێوەی (پارتی لیبرالی) سەردەمی مستەفا کەمال، کە پێیان وابوو لە کاتی گونجاو هەڵبوەشێنرێتەوە (ئەرسەلان، ٢٠٠٩، ٩٠)، بەڵام پێشهاتەکان بە شێوەیەکی دیکە پەرەیانسەند و سەرباری دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە پارت و ڕێکخراوی سیاسی ، درزێکی گەورە کەوتە ناو ڕیزەکانی پارتی گەلی کۆماری و تا دوا جار ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئەو پارتەیان جێهێشت و پارتێکی دیکەیان بە ناوی (پارتی دیموکرات) لە ٧ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ دامەزراند (الزين،١٩٩١، ٢٩٥؛ Aslan، ٢٠١٤، ٧-٨).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت (پارتی دیموکرات) لە ڕوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ (پارتی گەلی کۆماری) نەبوو، بۆ نمونە: (٦٧%)ی ئەندامانی ئەو پارتە کە دواتر – لە خولی هەشتەم – بوون بە پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نیشتمانی لە کەسایەتییە دیار و خاوەن موڵکەکان بوون، هەروەها ڕێژەی ڕۆشنبیرانیان لە (٦%) تێپەڕی نەکردووە، بۆیە هەموو ئەو لێکچونانە بەشێک لە چاودێرانی گەیاندبووە ئەو باوەڕەی دامەزراندنی ئەم پارتە جگە لە گەمەیەکی سیاسی دەسەڵاتدارانی تورکیا هیچی دیکە نییە (النعيمي، ٢٠١١، ١١٨-١١٩؛ الزبيدي، ٢٠١٨، ٧٨)، بە تایبەت کە لە ڕوی تیۆرییەوە پارتی ناوبراو باوەڕی تەواوی بە هەمان شەش پرنسیپە ناسراوەکەی کەمالیزم هەبوو، لە پەیڕەو و پڕۆگرامەکەشیاندا ئاماژەی پێکرابوو (البديري، ٢٠١٥، ٢٩٣).

لە ڕاستیدا هەموو ئەوانەی خرانەڕو ئاماژەیەکی ڕونن بۆ ئەوەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە تورکیا، بە تایبەتی پەڕینەوە لە مۆدێلی تاک پارتییەوە بۆ فرە پارتی زادەی پەرەسەندنی ئاستی هۆشیاری سیاسی سیاسەتمەداران و بەرەو پێشچونی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگای تورکی نەبوو، بەڵکو لە ژێر کاریگەری و فشاری وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئەنجامدرا.

هەر چۆنێک بێت (پارتی دیموکرات) دوای دامەزراندنی زۆر بە وردی کاری لە سەر ئەو کێشانە کرد کە بوبون بە هۆکاری بێزاری و نیگەرانی دانیشتوانی تورکیا، بۆ ئەمەش بە بەردەوامی ڕەخنەیان ئاڕاستەی سروشتی سیستەمی تاک پارتی دەکرد، هەروەها بانگەشەی بنەما ئازادییەکان و دیموکراتیەکانیان بەرز کردبووەوە، لەم ڕێگایەوە سەرکەوتو بون لەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پشتیوانی زیاتری هاوڵاتییانی بە دەست بهێنێت، ئەمەش مەترسی لە سەر مانەوەی (پارتی گەلی کۆماری) لە دەسەڵات دروستکرد بوو، هەر بۆیە ئەوهەڵبژاردنەی کە بڕیار بوو، لە ساڵی ١٩٤٧ئەنجام بدرێت لەلایەن پارتی گەلی کۆماری فەرمانڕەوای ئەو کاتەی تورکیا بۆ ٢١ی تەموزی ١٩٤٦ پێشخرا (Sutcu، ٢٠١١ ،٤٩ ؛ موراد، ٢٠١٥، ١١٨).

لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لە سەر ئەم هەڵوێستەی (پارتی گەلی کۆماری) فەرمانڕەوا بکەین و پەیوەستی بکەین بە باوەڕ بونی بە بنەما دیموکراتییەکان کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بانگەشەی بۆ دەکرد، لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی پارتی ناوبراو تەواو پێچەوانەی باوەڕبونیەتی بە سیستەمی دیموکراتی ؛ کە هەڵبژاردن و دانان بە ئەنجامەکانی کۆڵەکەیەکی سەرەکی سیستەمەکەیە، چونکە بەم پێیەی (پارتی گەلی کۆماری) لە ترسی دۆڕان لە هەڵبژاردنەکە و لە دەستدانی دەسەڵات بڕیاری پێشخستنی پڕۆسەکەی داوە، وەک دەردەکەوێت ئەمەش دورکەوتنەوەیە لە ڕووە یاساییەکەی دیموکراتی، بە مانایەکی دیکە ئەمە هەوڵێک بوو تا بە هەر نرخێک بێت تەنانەت ئەگەر نایاسایش بێت لە دەسەڵات بمێنێتەوە، لەم سۆنگەوە جارێکی دیکە جەخت لە سەر ئەوە دەکەینەوە کە هۆکارە ناوخۆییەکان لە تورکیادا تا ئەو قۆناغە بۆ پەیڕەو کردنی سیستەمی دیموکراتی و فرە پارتی نەخەملیبوو، کاریگەریشی لە سەر پێشهات و گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگ زۆر لاواز بوو.

هەرچۆنێک بێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا لە ٢١ی تەموزی ١٩٤٦ بەڕێوەچوو، کە ئەنجامەکەی بە سەرکەوتنی (پارتی گەلی کۆماری) کۆتایی هات، ئەمەش دوای ئەوەی لە (٤٦٥) کورسی ئەنجومەنەکە (٣٩٦) یانی بە دەستهێنا، لە بەرامبەردا ڕکابەرە بە هێزەکەی کە (پارتی دیموکرات) بوو (٦٢) کورسی بردەوە، پارتەکانی دیکەش (٧) کورسییان بە دەستهێنا، بەمشێوەیەش (پارتی گەلی کۆماری) بە تەنیا حکومەتی تازەی پێکهێنا (Sutcu، ٢٠١١، ٤٩).

شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئەگەر بە وردی سەرنجی هەڵسوکەوت و هەڵوێستی سیاسی هەردو پارتە سەرەکییەکە (پارتی گەلی کۆماری) پێکهێنەری حکومەت و (پارتی دیموکرات) ڕکابەر و ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی حکومەت لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦ ەوە تا هەڵبژاردنی ١٩٥٠ بدەین، دەردەکەوێت بنەماکانی دیموکراتییەت و ئەو گۆڕانکاریانەی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە تورکیا بڕیاری لێدرا، بەرپرسانی ئەو دو پارتە باوەڕێکی بە هێزیان پێنەبووە، هەر بۆیە زۆر کەم پەیوەستی بنەما و ڕەوشتە دیموکراتییەکان بون. کێبڕکێی توندی نێوانیشیان لە سەر دەسەڵات باشترین بەڵگەیە بۆ

پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچونە، بۆ نمونە: هەردو پارتەکە لە ڕوی بیروباوەڕی سیاسییەوە عەلمانی بون، ئەمەشیان لە پەیڕەو و پڕۆگرامەکانیان جێگیر کرد بوو، کەچی بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر و گەیشتن بە ئامانجەکانیان دریغیان لە بە کارهێنانی ئاین نەکردووە، تەنانەت لە زۆر کاتدا وەک پارتێکی ئاینی دەرکەوتونە (موراد، ٢٠١٥، ١١٩).

یەکێکی دیکە لە دیارترین سیماکانی سیستەمی دیموکراسی ڕاستەقینە ڕەتنەکردنەوەی جیاوازیەکانە، جا ئەم جیاوازییە چ نەتەوەیی بێت یان هەر گروپێکی ئاینی و ئایدیۆلۆژی بێت، چونکە بەبێ باوەڕبون بەم ڕەهەندە گرنگە گۆڕانکارییەکان لە هیچ وڵاتێکدا بە ئاڕاستەی دیموکراتی هەنگاو نانێت، لە ڕاستیدا هەڵویستی کاربەدەستانی پارتی فەرمانڕەوا لەم قۆناغەدا بەرامبەر پرسی کورد و ئەو پارتە سیاسییانەی هەڵگری بیری چەپ بون، جگە لە جوڵەیەکی ساختە بەملاوە هیچی دیکە نەبوو.

سەرەتای ئەم سیاسەتەش زیاتر لەگەڵ سەرهەڵدانی فرەپارتایەتی و ئینجا هەڵبژاردنەکان کە دەنگی هاوڵاتیان بوو بە یەکلاکەرەوەی ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان دەرکەوت، ناوچە کوردنشینەکانی باکوری کوردستانیش بە دور نەبون لەم سیاسەتە، ئەوەتا (پارتی گەلی کۆماری) بۆ نزیک خستنەوەی کورد لە بەرەی خۆی، چەند هەنگاوێکی لە ڕێگای حکومەتەوە گرتەبەر، بۆ نمونە ساڵی ١٩٤٧ سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند: لە ئێستادا دەکرێت کوردەکان بە یەکسانی لەگەڵ تورکەکان بانگهێشت بکرێن بۆ ناو سوپا، پێش ئەم بڕیارە کورد لە ناو سوپا تەنیا لە هەندێ بەشی هاوکاری بە کارهێنراون. لەلایەکی دیکە و لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧ ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا یاسای ژمارە (٧٠١٥١٠) ی دەرکردووە کە تێیدا جەختی لە سەر هەمواڕکردنەوەی بڕگەکانی یاسای نیشتەجێکردنی ژمارە (١٥١٠) ی ساڵی ١٩٣٤ کرد بووەوە، کە بە گوێرەی بەندی (١) ی هەمو سنوردارکردنێکی کاتی لە مافەکانی ئەو هاوڵاتییە کوردانەی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و لە بارودۆخێکی ناچاریدا ڕاگوێزرابوون بۆ ناوچە دیاریکراوەکان هەڵدەوەشێتەوە، لەم سۆنگەوە ڕێگا بە بەشێک لە ڕاگوێزراوان درا بگەڕێنەوە ویلایەتەکانی خۆیان یاخود ویلایەتێکی نزیک لە ناوچەکانی نیشتەجێبونیان (حەسرەتیان، ٢٠٠٧، ٦٥- ٦٦).

لە ڕاستیدا هەنگاوەکانی حکومەتەکەی (پارتی گەلی کۆماری) باوەڕێکی ڕاستەقینەی لە پشتەوە نەبوو، بەڵکو تەنیا تەکتیکێکی سیاسی پێش هەڵبژاردنەکان بوو تا دەنگەکانیان بە دەست بهێنێت و بە سەر ڕکابەرەکانی سەرکەوتو بێت، چونکە هاوکات لەگەڵ ئەم بڕیارانە بە هیچ شێوەیەک بونی کوردیان وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە تورکیادا قبوڵ نەبوو، ئەوەتا هەر هەمان ساڵ و لە بڕیارێکی دیکەیاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە: هەموو ئەو کۆچبەرانەی بە ڕەگەز تورک نین لەم ناوچانەی نیشتەجێ دەکرێن نابێت ژمارەیان لە (١٠%) ی ژمارەی تورکەکان زیاتر بێت، هەروەها کورد و کۆچەرەکانی دیکە کە تورک نین بۆیان نییە گەڕەکی تایبەت بۆ خۆیان دروست بکەن (حەسرەتیان، ٢٠٠٧، ٦٦).

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی (پارتی گەلی کۆماری) هەر لەم قۆناغە و دوای زیادبونی چالاکییەکانیان کەوتە لێدان و سەرکوتکردنی پارت و ڕێکخراوە چەپەکان، لەم چوارچێوەیەدا و لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ ژمارەیەک ڕێککاری توندی لە دژی چەپەکان گرتەبەر، سەرەتای ڕێککارەکانیشی بە دەستگیر کردنی کەسایەتییە دیارەکانی چەپەکان دەستی پێکرد، پاشان هەڵسا بە داخستنی سەرجەم ڕێکخراو و سەندیکا کرێکارییەکان کە لەلایەن پارتی جوتیاران و کرێکاران و پارتی سۆشالیستی تورکیا سەرپەرشتی دەکران، دواجار ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشی داخست (ئەحمەد، موراد، ٢٠١١، ٣١٦). بابەتێکی دیکە کە پارتی ناوبراو گەلێ جار بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵات بە کاریدەهێنا، دەستکاریکردنی یاساکان بوو، بۆنمونە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری ١٩٥٠ کاتێک لێپرسراوانی (پارتی گەلی کۆماری) هەستیان کرد باردۆخە سیاسییەکە لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە، پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە بە ماوەیەکی کورت یاسای هەڵبژاردنەکانیان گۆڕی و کردیان بە سیستەمی زۆرینە لە بری سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، ئەم هەنگاوەیان بە مەبەستی سود وەرگرتن بووله دەنگی پارتە بچوکەکان، واتە هەر پارتێک ڕێژەیەکی دیاریکراو دەنگ نەهێنێت، ئەو دەنگانەی هێناویەتیشی بۆ پارتە گەورەکان دەگەڕێتەوە، کە پێیان وابوو بەمشێوازە بە سەر ڕکابەرە بە هێزەکەی سەردەکەوێت، بەڵام دواجار ئەو فێڵە سیاسییەش فریای نەکەوت و لە دۆڕان ڕزگاری نەکرد (الباحثین، ٢٠٠٧، ٣٤٤).

بەمشێوەیە (پارتی گەلی کۆماری) کە لە ماوەی نێوان ١٩٤٦- ١٩٥٠ حوکمڕانی تورکیای کرد، لە ئاستی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم نەبوو، و سەرکەوتوش نەبوو لە پەیڕەوکردنی سیستەمی دیموکراسی و فرە پارتی بە شێوازێکی ڕێکوپێک، هەموو ئەمانەش وەک پێشوتر ئاماژەی بۆ کرا، گۆڕانکارییە سیاسییەکان ئەوەندەی لە ژێر کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکان ڕویدا، کەمتر وەک پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی و پێویستییەکی کۆمەڵگای تورکیا بۆ قۆناغێکی سیاسی تازە سەریهەڵدا.

### ٣. تەوەرەی دووەم: قۆناغی حوکمڕانی پارتی دیموکرات و ئالەنگارییە دیموکراسییەکان:

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ١٤ی ئایاری ١٩٥٠ لە تورکیادا سەرەتای قۆناغێکی تازەی حوکمڕانی بوو ، بەمپێیەی لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە بۆ یەکەمجار پارتێکی دیکە لە دەرەوەی (پارتی گەلی کۆماری) گەیشتە دەسەڵات و فەرمانڕەوای ئەو وڵاتەی گرتە دەست، ئەویش (پارتی دیموکرات) بوو، ئەمەش دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی لە هەڵبژاردنەکاندا بە دەستی هێنا و ڕێژەی (٦،٥٣%) ی دەنگەکانی بردەوە (زوچەر، ٢٠١١، ٣٢٣؛ واف- لاربی، ٢٠١٥، ٨٠)، بەڵام ئەم دەستاودەستکردنەی دەسەڵات، پرسی دیموکراسی و تێروانینی سیاسەتمەدار و کاربەدەستانی ئەو وڵاتەی بەرەو پێش نەبرد و ئەو گۆڕانکارییانەی ئەنجامیش درا لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا نەبوو، بە مانایەکی تر بنەما دیموکراسییەکان نەوەک هەر لەلایەن (پارتی دیموکرات)ەوە پەیڕەو نەکرا، بەڵکو هەموو هێز و توانایەکی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی و بێدەنگ کردنی هەموو ئەوانی دیکە لە نەتەوە و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان بەکارهێنا.

لەم سۆنگەوە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، سەرکەوتنی (پارتی دیموکرات) لە هەڵبژاردنەکاندا بەرامبەر بە (پارتی گەلی کۆماری) ئالەنگارییەکی گەورەی فەلسەفەی حوکمڕانی نەبوو، بەڵکو زیاتر پرۆسەیەکی ئاشتییانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات و پەڕینەوە بوو لە تاکپارتییەوە بۆ فرەپارتی، چونکە (پارتی دیموکرات) لە تیۆرییەوە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ (پارتی گەلی کۆماری) نەبوو، هەر ئەم لێکچونە هۆکار بوو تا بەشێکی زۆری هەڵوێست و ڕەفتارە سیاسییەکانی هاوشێوەی قۆناغی بەر لە خۆی نادیموکراسیانە بێت، هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کەم لە گەیشتنی بە دەسەڵات پێشێلکارییەکانی بۆ بنەما دیموکراسییەکان دەستپێکرد، ئەوەتا هێشتا گەیشتنیان بە دەسەڵات مانگێکی تەواو نەکردبوو، کاتێک لە حوزەیرانی ١٩٥٠ هەڵسا بە ناردنی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp22-28

(٤٥٠٠) سەرباز بۆ وڵاتی کۆریا وەک پاڵپشتییەکی سەربازی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، ئەوەی جێگای هەڵوەستە لە سەر کردنە لەم هەڵوێستەی حکومەتەکەی (پارتی دیموکرات) ئەنجامدانی ئەم کردارەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی، کە بەپێی دەستور لە دەسەڵاتی حکومەتدا نییە بەبێ پرسکردن و دەنگدانی ئەنجومەنی نیشتمانی کردەیەکی لەمشێوەیە ئەنجام بدات (البديري، ٢٠١٥، ٣٠٣)، لەلایەکی دیکە ئەمە جوڵەیەکی تەواو نادیموکراسییانە و پەیوەست نەبونە بە بنەماکانی.

وەک پێشوترئاماژەی بۆ کرا سیاسەتی حکومەتەکەی (پارتی دیموکرات) بریتی بوو لە سیاسەتی خۆسەپاندن و دورخستنەوەی هێزەکانی دیکە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ڕێگای جیاوازیان گرتەبەر، یەکێک لەم ڕێگایانە گێڕانەوەی شوناسی ئایینی بوو کە بۆ ڕامالینی پارتە ڕکابەرەکانی بە تایبەتی (پارتی گەلی کۆماری) بە چڕی پەیڕەویانکرد. لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٥٠ بە یاسایەک ڕێگا درا بانگ بە زمانی عەرەبی بدرێت، لە ٥ی تەموزیشدا یاسای قەدەغە کردنی بەرنامە ئایینیەکان لە ئێستگەکانی تورکیادا هەڵگیرا، هەروەها پەخشی قورئان دەستپێیکردەوە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٠ خوێندنی وانە ئاینییەکان لە قۆناغەکانی سەرەتایی چەسپێنران، لە ١٣ی تشرینی ١٩٥١یش فەرمانێکی فەرمی بۆ کردنەوەی قوتابخانەکانی پێشنوێژی و وتاربێژی دەرچوو، ئەمە جگە لەوەی لە قۆناغی فەرمانڕەوایی (پارتی دیموکرات) هەڵمەتی بنیادنانی مزگەوتی نوێ و نۆژەنکردنەوەی ئەو مزگەوتانەی پێشوتر هەبوون بە خۆوە بینی، هەر لەم چوارچێوەیەدا حکومەت فەرمانی کردنەوەی مەزارگە بەناوبانگەکانی دەرکرد، هەروەها ڕێگا بە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە درا کە خاوەن ناوەڕۆک و تێروانینێکی ئیسلامیانە بوو ( موراد، ٢٠١٥، ١٢٣- ١٢٤؛ ئەرسەلان، ٢٠٠٩، ٩٦)، شایانی ئاماژە پێدانە هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو کە گرنگیدان بە ئایین بە هیچ شێوەیەک لە پەیڕەو و پڕۆگرامی پارتەکەدا نەهاتبوو، بۆیە ڕێیتێدەچێت ئەم هەڵسوکەوت و هەڵوێستانەی (پارتی دیموکرات) بەرامبەر ئایین زیاتر بۆ وروژاندنی هەستی ئایینی هاوڵاتییانی تورکیا و بەرژەوەندییە سیاسیەکانی خۆی لێکبدرێتەوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچونەش؛ بەندی (١٤) ی یاسای ناوەخۆی پەیڕەو و پڕۆگرامی پارتەکە بەڵگەیەکی ئاشکرایە، کە بەمشێوازە ئاماژەی بۆ کراوە: تێگەیشتنی پارتی دیموکرات بۆ عەلمانییەت بریتییە لەوەی نابێت دامودەزگاکانی دەوڵەت دەست بخەنە ناو کاروباری ئایینیەوە (فاتح، ٢٠١٦، ٣٩).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت لەخۆباییوون هۆکارێکی بەهێزی پشت جوڵە سیاسییەکانی کاربەدەستانی (پارتی دیموکرات) بوو لە حکومەت، چونکە ئەو دۆخە سیاسییەی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئایاری ١٩٥٠ هاتە کایەوە، کاتێک پارتی ناوبراو بە تەنیا حوکمڕانی تورکیایان کەوتە دەست توشی لەخۆباییونی کردن، ئەمەش هۆکارێکی کاریگەر بو، بۆ دور کەوتنەوە لە بنەما دیموکراتییەکان و جێبەجێکردنی، بە تێپەڕبونی کات ئەم نەخۆشییە بە ئاستێک گەیشت کە خۆیان وەک تاکە بنیادنەری تورکیای هاوچەرخ لە قەڵەم بدەن و پێیان وابێت تەنیا ئەوان بیر لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان دەکەنەوە، لەم گۆشەنیگا سیاسییەوەش گەیشتنە ئەو باوەڕەی بونی پارتی ئۆپۆزسیۆن زۆر پێویست نییە و قۆناغی سیاسی (پارتی گەلی کۆماری) کۆتایی پێهاتووە و پێویستە لە پڕۆسەی سیاسی پاشەکشە بکەن، بۆ ئەوەی (پارتی دیموکرات) لە جێبەجێکردنی گۆڕانکاری و چاکسازییەکاندا، دەرفەتی تەواوی بۆ بڕەخسێت (البديري، ٢٠١٥، ٣٠٥).

وەک دەردەکەوێت تێگەیشتنی (پارتی دیموکرات) بۆ بنەما دیموکراسییەکان و جێبەجێکردنی؛ تێگەیشتنێکی ئەوەندە ڕوکەشانە بووە، تەنانەت نەیانتوانیوە عەقڵیەتی تاکڕەوی تێپەڕێنن، لەم سۆنگەوە بەرگەی ئەو دۆخە سیاسیيە تازەیان نەگرتووە کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی سەریهەڵدا بوو خۆشیان تێیدا بەشێک بون، ئەوان بونی ئۆپۆزسیۆن و تەنانەت بۆچونی جیاوازی ناو پارتەکەی خۆشیان ڕەتدەکردەوە، لە بەرمەبنای ئەم بیروباوەڕە سیاسییەش کەوتنە جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکانیان، بۆ ئەمەش چەندان یاسایان لە ئەنجومەنی نیشتمانی دەرکرد، لەوانە: لە ٨ی ئابی ١٩٥١ یاسایەکیان دەرکرد پەیوەست بوو بە هەڵوەشاندنەوەی (ماڵی گەل) کە سەر بە (پارتی گەلی کۆماری) بون، سەروەت و سامانەکەشی بۆ دەوڵەت گەڕێندرایەوە بە بیانوی ئەوەی هەر لە بنچینەدا بە سامانی دەوڵەت دامەزراون (أحمد- مراد، ١٩٩٢، ٢٧٤).

لە ١ی حوزەیرانی ١٩٥٣ یاسایەکی دیکەی دەرکردووە، کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە: هەر ڕەخنە گرتنێک لە ئەندامانی حکومەت بە تاوان لێکدەدرێتەوە و ڕەخنەگر سزا دەدرێت. یاسایەکی دیکە لە ٢١ی تەموزی هەمان ساڵ دەرچووە، کە تێیدا هاتبوو: کاری سیاسی لە مامۆستایانی زانکۆ قەدەغەیە، لە ٧ی ئازاری ١٩٥٤یش یاسایەکی تایبەت بە ڕۆژنامەگەری دەرکرد، کە تێیدا ئەوە خرابووەڕو: هەر ڕۆژنامەنوسێک لە نوسینەکانی بە خراپ باس لە لێپرسراوانی دەوڵەت بکات سزایەکی توند دەدرێت، لەم چوارچێوەیەشدا حکومەت ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤاری داخست (ئەحمەد- مەحمود، ٢٠١٤، ١٨٢-٣٠٦).

هەرچەندە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕۆژنامەنوسان بە گشتی بەرامبەر سیاسەتەکانی (پارتی دیموکرات) زۆر نیگەران بون و لە ڕەخنەگرتن بەردەوام بون، کە هەمووان داوای پێداچونەوە بە بارودۆخی سیاسیان دەکرد، بەڵام سەرکەوتنە گەورەکەی (پارتی دیموکرات) لە هەڵبژاردنەکانی ٢ی ئایاری ١٩٥٤ کە نزیکەی (٥٦%) ی کۆی دەنگەکانی بە دەستهێنا، پارتی ناوبراوی سورتر کرد لە سەر سیاسەتەکانی پێشوتری (زوچەر، ٢٠١١، ٣٣٠)، ئەوەتا هەر دوای هەڵبژاردنەکان بە ماوەیەکی کەم حکومەتەکەی (مەندەریس) یاسایەکی ڕاگەیاند کە تێیدا مافی ئەوە درا بو بە حکومەت، هەر فەرمانبەرێک لە کارەکەی دور بخاتەوە بەبێ ئەوەی فەرمانبەرەکە مافی ئەوەی هەبێت لە دادگا تانە لە بڕیارەکە بدات، وەک دەردەکەوێت ئامانج لە دەرکردنی ئەم یاسایە دورخستنەوەی ئەو فەرمانبەرانە بوو کە هاوسۆزی حکومەت نەبون و لایەنگریان بۆ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان هەبووە (Aslan، ٢٠١٤، ١٠).

بەمشێوەیە (پارتی دیموکرات) بە تێپەڕبونی کات زیاتر خزایە ناو بازنەی حوکمڕانییەکی دیکتاتۆری، ڕوپێوی بازنەکەش ڕۆژ دوای ڕۆژ لە بچوک بونەوەدا بوو تا دواجار خۆی لە حوکمی تاکڕەوانەی (مەندەریس ) بینیەوە، بەشێوەیەک بۆچون و تێڕوانینەکانی گوزارشتی لە سیاسەتی پارتەکە کردووە، ئەم شێوازە لە حوکمڕانی ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستییە کە (پارتی دیموکرات) هاوشێوەی (پارتی گەلی کۆماری) نەیتوانی بە شێوەیەکی شارستانییانە و هەستکردنێکی لێپرسراوانە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ بارودۆخەکە و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بکات و تێگەیشتنێکی لۆژیکییانەی بۆ گۆڕانکارییەکان و هەلومەرجی قۆناغەکە هەبێت، ئەمەش بە پلە یەک بۆ سروشتی سەرهەڵدانی دیموکراسییەت لە تورکیادا گەڕاوەتەوە، کە مێژویەکی درێژی لەم بوارە نەبوو، بەڵکو لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە تایبەتی هۆکارە دەرەکییەکان کەوتە ناو هەلومەرجێکی لەمشێوەیە.

هەر چۆنێک بێت لە سەروبەندی کەڵەکە بونی قەیرانەکان بە تایبەتی ململانێیە توندەکەی نێوان هەردو پارتی سەرەکی گەلی کۆماری و دیموکراتییەکان، ئەوەی دوایان کاتی هەڵبژاردنەکانی بە ئامانجی لاواز کردن و کۆتاییهێنان بە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان پێشخست، بۆئەمەش ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧یان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە دیاریکرد، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەمان شێوەی دو هەڵبژاردنەکەی پێشوتر بە سەرکەوتنی (پارتی دیموکرات) کۆتاییهات، بەڵام سەرکردایەتی پارتی ناوبراو لە ڕێژەی دەنگەکانی نیگەران بون، کە (٤٨%) ی دەنگەکانیان بە دەستهێنا بوو، ئەم ڕێژەیەش بەراورد بە ڕێژەی دەنگەکانییان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوتر زۆر کەمی کرد بوو ( البديري، ٢٠١٥، ٣١١-٣١٢).

لە ڕاستیدا کەمبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکان پەیامێکی ڕون بوو بۆ (پارتی دیموکرات) بە گشتی و (عەدنان مەندەریس)ی سەرۆک وەزیرانیان بە تایبەتی، کە ڕەفتارە سیاسیەکانییان بێزاری و نیگەرانیەکی زۆری لای خەڵک و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و تەنانەت بەشێک لە ئەندامانی پارتەکەی خۆیانیش دروستکردووە، بە پێی لۆژیک بووایە پێویست بوو (پارتی دیموکرات) بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە، کەچی نەوەک هەر ئەوەی نەکرد، بەڵکو پێچەوانەکەی ئەنجامدا و ڕێککارەکانی بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن زۆر لە پێشوتر توندتر کرد، ئەوەتا لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧ هەڵسا بە دەستگیرکردنی (٩) ئەفسەر لە سوپای تورکیادا بە بیانوی ئەوەی پیلانییان دژی حکومەت کێشاوە، بەڵام ڕاستیەکەی پەیوەندیکردنی ئەو ئەفسەرانە بوو بە (پارتی گەلی کۆماری). وەک دەردەکەوێت ئەم هەڵوێستانەی حکومەت نیگەرانییەکی گەورەی لە ناو خودی (پارتی دیموکرات) دروستکردووە، بە جۆرێک یەکێک لە دامەزرێنەرەکانی پارتەکە (فوئاد کوبرلو) دەستی لە کار کێشایەوە، هەروەها (١٥٠) ئەندامی پارتەکە لە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە جیابونەوە و سەربەخۆبونی خۆیان ڕاگەیاند (البديري، ٢٠١٥، ٣١٢).

یەکێکی دیکە لە گرنگترین بنەماکانی دیموکراسی کە لە سیستەمی نوێی تورکیا و گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، بە دیاریکراوی لە سەردەمی حوکمڕانی (پارتی دیموکرات) پێشێلکرا، مافی سیاسی و کلتوری نەتەوە ناتورکەکان بوو، بە تایبەتی نەتەوەی کورد کە دووەم گەورەترین نەتەوەی تورکیا بوو.

هەرچەندە گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی سیستەمی فرە پارتی لێکەوتەوە، بەڵام سیستەمە نوێیەکە هیچ سودێکی بۆ کورد نەبوو، چونکە بە پێی دەستور ڕێگا پێدراو نەبوو کورد کۆمەڵە یان پارت یاخود هەر ڕێکخراوێکی سیاسی دابمەزرێنێت، هەر بۆیە زۆرینەی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ پشتیوانی گەورەیان لە (پارتی دیموکرات) کرد، ئەمەش لەلایەک بۆ سیاسەتی خراپی (پارتی گەلی کۆماری) لە ماوەی حوکمڕانیدا بەرامبەر کورد گەڕاوەتەوە، هۆکارێکی دیکەش کاریگەری ئەو بەڵێنانە بوو کە کاندیدانی (پارتی دیموکرات) لە سەروبەندی پرۆسەی هەڵبژاردن بە کوردیان دابوو، کە خۆی لە مافی یەکسانی و گرنگیدان بە بواری ئابوری ناوچەکانیان و چەند گفتێکی دیکە دەبینیەوە (فاتح، ٢٠١٦، ٤٢؛ حەسرەتیان، ٢٠٠٧، ٦٧).

لەگەڵ ئەوەی کاربەدەستانی (پارتی دیموکرات) لە سەرەتای حوکمڕانیاندا ڕێگایان بە کردنەوەی ژمارەیەک یانەی ڕۆشنبیری کوردی و دەرکردنی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک دا، کە کار و چالاکیەکانیان زیاترخۆی لە چاپکردنی کتێب بە زمانی کوردی و لێدوان بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە سەر گرنگی گەشەکردنی کلتور و ڕۆشنبیری کوردی دەبینیەوە (لازاريف، ٢٠١٠، ٨٨)، کەچی ئەو مافە سادە و سەرەتاییە ڕۆشنبیریانە پارتە سیاسی و بەشێک لە کۆمەڵگای تورکی نیگەران کرد بوو، ئەمەش لە کاتێکدا بوو سیاسەتی فەرمی (پارتی دیموکرات) نەتەوەی کوردی وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆ پەسند نەکرد بوو (عەبدولحەکیم، ٢٠١٢، ٣٦٢).

هەرچۆنێک بێت بە تێپەڕبونی کات دەرکەوت بەڵێنەکانی (پارتی دیموکرات) بۆ کورد بێ بنەما بون، جگە لە قسەی پێش هەڵبژاردن هیچی دیکە نەبوو، ئەوەتا لە ٣٠ی ئابی ١٩٥١ لە ڕێگای ئەنجومەنی نیشتمانیەوە کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەر بە پارتی ناوبراو بون یاسای ژمارە (٥٨٢٦) ی دەرکرد کە تێدا هاتبوو: "بەبێ ڕێگەپێدانی ئەنجومەنی وەزیران جگە لە بەرپرسانی سوپا و پۆلیس، هیچ کەسێک ناتوانێت بچێتە ناوچە قەدەغە کراوەکان" بەشی زۆری ناوچە قەدەغەکراوەکان ناوچە کوردنشینەکان بوون. لە سەر ئاستی وڵاتانی هەرێمی هەنگاوی گەورەتری لە سەردەمی پێشوتر نا، بە تایبەتی لەگەڵ هەر یەکە لە عێراق و ئێران بە مەبەستی سەرکوتکردنی هەر جوڵانەوەیەکی کوردی، ئەمەش زۆر بە ڕونی لە بەندەکانی (پەیمانی بەغداد ١٩٥٥) ڕەنگیداوەتەوە کە تورکیا یەکێک بوو لە ئەندامەکانی ئەو پەیمانە (حەسرەتیان، ٢٠٠٧، ٦٨).

بەردەوامبوونی (پارتی دیموکرات) لە سەر سیاسەت و هەڵوێستە نادیموکراتیەکانی بەرامبەر بە کورد، ئەو ڕاستیەی خستەڕو، کە ئەم پارتە لە ڕوی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی سیاسیەوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بنەماکانی کەمالیزم لە سەر پرسی کورد نییە (برونسن، ١٩٩٩، ٧٦)، لەم سۆنگەوە هەمیشە لە هەوڵی پشتگوێخستنی کورد و پرسە نەتەوەییەکەی بوون، بۆ نمونە کاتێک دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق و پەسندکردنی بەشێک لە مافەکانی کورد لەم بەشەی کوردستان، جموجۆڵ لە ناو کوردانی باکوری کوردستانیش سەریهەڵدا، حکومەتی تورکیا مەترسی لە دۆخەکە هەبوو، بۆیە کۆبونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ سوپا ئەنجامدا کە جگە لە (جەلال بەیار) ی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و ئەفسەرە پلە بەرزەکان، چەندان لێپرسراوی دیکەی حکومی و سەربازی تێدا بەشدار بون، کە دوا جار لە بەرامبەر پرسی کورد لە سەر دو خاڵێک ڕێککەوتن، بریتی بون لە:

١. ئەگەر هەزار ڕوناکبیری کورد دەستگیر بکەین، ئەوە کێشەی کورد لە تورکیا بۆ ماوەی (٣٠) ساڵی دیکە دوا دەکەوێت.

٢. پێویستە دەستگیرکراوەکان بە کۆمۆنیست تاوانبار بکرێن، چونکە کورد بە گشتی دۆستی کۆمۆنیست نین و ئەستەمە هەڵوێست وەرگرن.

لە ڕاستیدا کۆبونەوەیەکی لەمشێوەیە و ئەمجۆرە پێشنیازانە هیچ پەیوەست بونێکی حکومەتەکەی (پارتی دیموکرات) ی بە بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و دونیای مەدەنیەتەوە نەهێشت، بە تایبەتی کە لە بری چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیەک هەوڵی ئاڵۆزکردن و دواخستنی بدرێت لە ڕێگای کردەیەکی نایاسایی و دور لە مرۆڤایەتی.

هەرچۆنێک بێت سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا (مەندەریس) بڕیاری جێبەجێکردنی پێشنیازەکانیدا، بەڵام هەوڵیدا بە میکانیزمێکی گونجاو هەنگاو بنێت، بۆ ئەمەش لەم باوەڕەدا بون وا باشترە هەر جارەی (٥٠) ڕوناکبیری کورد دەستگیر بکرێت تا ژمارەکە تەواو دەبێت (فەتاح، ٢٠١٢، ٣٥)، بەمشێوەیە حکومەتی تورکیا لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٥٩ هەڵسان بە دەستگیرکردنی (٤٩) ڕوناکبیری کورد و زیندانی کردنیان، دواتر وەزیری ناوەخۆ ڕایگەیاند: ئەو دەستگیرکراوانە لە سەر چالاکی کۆمۆنیستی زیندانی کراون کە بە پێی یاسای وڵات قەدەغەکراوە (بارکی و ڕخرون، ٢٠٠٧، ٢٦).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp22-28

## ٤. ئەنجام:

١. هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی لە ئەنجامی پەرەسەندن و گەشەسەندنی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوری و هۆشیاری کۆمەڵگا ڕوئەدات و هاوسەنگی لە نێوان بوارەکاندا نەبێت، ئەنجامی گۆڕانکارییەکە ئەرێنی و ڕێکوپێک نابێت.

٢. سیستەمی دیموکراسی و دونیای مەدەنییەت کاتێک بە ئامانج دەگات، کە حوکمڕان و دەسەڵاتداران بە یەک ئاست سەرجەم ڕەهەندەکان لە بەرچاو بگرن و هەوڵی بۆ بدەن، ناکرێت سیستەمی دیموکراسی تەنیا لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ڕێگادان بە فرە پارتی لێکبدرێتەوە هەر وەک دەسەڵاتدارانی تورکیا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم کردیان و ڕەهەندەکانی دیکەیان پشتگوێخست.

٣. گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە تورکیادا ئەوەندەی لە ژێر کاریگەری فشاری دەرەکی سەریهەڵدا، کەمتر پەیوەست بوو بە هۆکارە ناوخۆییەکان بە تایبەتی عەقڵی سیاسەتمەدار و کاربەدەستان، بۆیە لە تێپەڕاندنی بارودۆخی پێشوتر سەرکەوتو نەبون.

٤. تێڕوانینی پارتە سیاسییەکانی تورکیا بەرامبەر بە پرسی کورد لەم وڵاتە، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، لە باشترین دۆخدا لەلای هەر پارتێکیان لە مافە کلتورییەکان تێپەڕ نەدەبوو، بە مانایەکی دیکە گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بۆ کورد هیچی لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەری نەگۆڕی.

٥. پارتە سیاسییەکانی تورکیای دوای جەنگی جیهانی دووەم باوەڕیان بە لۆژیکی بە کارهێنانی هێز هەبوو بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێیەکانیان لەگەڵ ڕکابەرەکانیان، بۆ ئەمەش هەموو ڕێگایەکیان گرتبووە بەر.

## ٦. لیستی سەرچاوەکان


أحمد، مراد، إبراهیم خلیل و. خلیل علی، ١٩٩٢، ایران وترکیا: دراسة فی تاریخ الحدیث والمعاصر، الموصل .

بارکی وآخرون، هنري، ٢٠٠٧، القضیة الکردیة فی ترکیا، ت: هڤال، أربیل: بنکەی توێژینەوە.

البدیري، خضیر، ٢٠١٥، التاریخ المعاصر لایران و ترکیا، بیروت: شرکة العارف للمطبوعات.

برۆنسن، مارتن ڤان، ٢٠٠٣، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، سلێمانی: و: کوردۆ عەلی، ب١ .

بهنان، حنا عزو، ١٩٨٩، التطورات السیاسیة فی ترکیا١٩١٩- ١٩٢٣، رسالة ماجستیر غیر منشورة، کلیة الاداب- جامعة بغداد.

الجمهانی، یوسف ابراهیم، ٢٠٠٠، أتاتورکیة القرن العشرین، دمشق: دار الحوران.

جول، محمد زاهد، ٢٠١٣، التجربة النهضویة الترکیة، بیروت: مرکز نماء للبحوث و الدراسات.

حەسرەتیان، م. ئە، ٢٠٠٧، یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، سلێمانی: و. دلێر ئەحمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

الزبیدی، کریم مطر حمزه، ٢٠١٤، دراسات فی تاریخ ترکیا الحدیث، بیروت: دار العلوم العربیة.

زوچەر، ئێریک جەی، ٢٠٠٩، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، سلێمانی: و. د. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیڤا.

الزین، مصطفی، ١٩٩١، ذئب الاناضول- مصطفی اتاتورک، ریاض: الریس للکتب و النشر.

السوفیت، مجموعة من الباحثین، ٢٠٠٧، تاریخ ترکیا المعاصر، السلیمانیة: ت. هاشم صالح التکریتی.

عەبدولحەکیم، مەنسور، ٢٠١٢، مستەفا کەمال ئەتاتورک، هەولێر: و: شەویار حەسەن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

فاتح، محەمەد، ٢٠١٦، پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە تورکیا١٩٢٣- ٢٠٠٣، سلێمانی: دەزگای ئایدیا.

فەتاح، ماجید خەلیل، ٢٠١٢، ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان ١٩٦٠- ١٩٨٠، هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.

لازاریف و ئەوانی تر، م.س، ٢٠١٠، مێژووی کوردستان، بەیروت: و. هۆشیار عبدالله سەنگاوی، بنکەی ڕۆشنبیری لوبنان.

موراد، خەلیل عەلی، ٢٠١٥، پاسەوانانی کەمالیزم: هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازیی بەرامبەر بە ئیسلام و بزاوتی ئیسلامی لە تورکیا ١٩٥٠- ١٩٩٧، سلێمانی: و. بەرزان مەلا تەها – سەلام عەبدولکەریم، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی .

النعیمی، أحمد نوری، ١٩٩٠، الحیاة السیاسیة فی ترکیا الحدیثة١٩١٩- ١٩٣٨، بغداد: دار الحریة للطباعة .

النعیمی، أحمد نوری، ٢٠١١، النظام السیاسی فی ترکیا، بغداد: دار زهران.

واف- لارابی، انجیل باسا و ستیفن، ٢٠١٥، صعود الاسلام السیاسی فی ترکیا، ت: ابراهیم عوض، مرکز نماء للبحوث و الدراسات.

ئەحمەد- مەحمود، سامان حوسێن و بەختیار سەعید، ٢٠١٢، مێژوی هاوچەرخی تورکیا، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین .

ئەرسەلان، حەمید بۆز، ٢٠٠٩، مێژوی تورکیای هاوچەرخ، هەولێر: و: نەجاتی عەبدوڵلا، دەزگای ئاراس.

ئەرکۆن، محەمەد، ٢٠٠٢، ئایین- عەلمانیەت- فێندەمێنتالیزم، سلێمانی: و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

Aslan ‹Emel 2014‹: Turkiy ‹uin icsiyasetinde democrat partti 1950-1960 Ankara.

Lewis ‹Geofry‹1965 ‹: Turkey ‹London.

Sutcu ‹Guliz 2011‹: Democratic party and Democeacy in Turkey ‹ Ankara